# فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دوبەی سێزدە گەشتی فڕۆکەوانی هەڵدەوەشێنێتەوە




فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دوبەی ئەمڕۆ پێنجشەممە (2ـی ئایاری 2024) ڕایگەیاند کە بەهۆی باری کەشوهەواوە 13 گەشتی ئاسمانی هەڵوەشاندەوە.

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دوبەی لە وڵاتی ئیمارات لە بەیاننامەیەکدا ڕۆژی پێنجشەممە ڕایگەیاند، پێنج گەشتی ئاسمانی دواخرا و 13 گەشتی ئاسمانی هەڵوەشێندرانەوە بەهۆی باری کەشوهەواوە.

بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەخانەکە داوای لە گەشتیاران کرد درەنگ بکەون بۆ گەیشتن بە فڕۆکەخانەکە بەهۆی قەرەباڵغی لە ڕێگاکان و ئاماژەشی بەوەدا کە دەتوانرێت میترۆی دوبەی بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە فڕۆکەخانەی دوبەی.